**نامەی شەش كۆریایی بۆ هێزەكانیان لەهەولێر سەبارەت بە د. كەمال سەیید قادر :**

**خوێنەری بەڕێز:**

**ئەم نووسینە بەزمانی كۆریی نووسراوەو ئاراستەی حكومەتی كۆریا و هێزەكانیان لەشاری هەولێر كراوە . لەلایەن شەش خوێندكاری وڵاتی كۆریای باشوورەوە كە لەوڵاتی ئوستراليا لەچەند رشتەیەكی جیاوازدا ماستەر دەخوێنن، نێردراوە . هاوكات راستەوخۆ لەسایتی هێزەكانی كۆریای باشوور (كەرتی زەیتوون ) لە شاری هەولێر بڵاوبووەتەوە.**

**دەقی وەرگێڕدراوی كوردیی ئەم نامەیە لەخوارەوە دەخوێنیتەوە ، خوێندكارە كۆرياييەكان وەريانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزیی و منیش لە دەقە ئینگلیزییەكەوە بۆ زمانی كوردیی وەرمگێڕاوە .**

**خەتاب سابیر**

---

24-01-2006

이라크평화 재건 사단장
정 승 조 소장님께

이 한장의 열린 편지를 통하여 우리의 바람이 전해지기를 간절히 바라며 소중한 이름과 함께 뜻을 표합니다. 비록 바랬던바는 아니였지만 현재 그곳에서 미국과의 혼란, 중동을 컨드롤하는 헤게모니 정책등 힘들고 어려운 일들을 하고 계시는 분들에게 걱정스러운 마음과 존경의 마음을 함께 전합니다. 또한 커디시 사람들이 자유를 설립하고 새로운 커디스탄을 재건축 하는 것을 돕고 계시는 여러분들 너무나 자랑스럽고 행복합니다.

그러나 얼마전에 커디시 친구, 또 많은 다른나라 출신의 친구들로부터 가슴아픈 소식을 들었습니다. 호주 시민권을 가진 Dr.Kamal Sayd Qadir 가 KDP( Kurdistan Democratic Party )의 리더 그룹을 비판했다는 이유로 체포되어 30년 감옥형을 선고 받았다는 사실입니다.

지난 3개월에 이런 잔악한 일이 일어나고 또 여러분이 그 같은 도시에 있다는 사실이 너무나 무섭고 가슴아픕니다. 특히 인간 권리와 표현의 자유를 학대한다는 사실에 치욕스러운 느낌이 듭니다.

우리 훌륭하고 존경스러운 부대가 그곳에서 민간인이 아닌 세상에서 가장 야비하고 조잡한 민병대를 돕고 있다는 사실이 너무나 부끄럽습니다. 선량한 시민들 가벼운 호주머니돈을 빼앗고 그토록 지식인을 30년 감옥형을 보내고....... 무엇인가 많이 잘못 된것입니다.

30년 감옥형은 학업의 강연과 표현의 자유에 있어 비인도적 행위입니다. 만약 이러한 말도 안되는 일이 어떤 다른 민주주의 국가에서 일어난다면 사법제도의 모든 시스템과 정치적 시스템 모든것들이 무너질것이며, 그러한 가옥한 결정을 내린 그 어느 누군가는 반드시 법정에 서서 충분한 죄값을  치뤄야 합니다. 설사 그토록 잔혹한 30년 감옥형을 다시 되돌린다 할지라도 말입니다.

저희는 지금 자이툰부대에 계시는 여러분들께 재촉하고 있습니다. 여러분의 큰 힘을 모아 Dr.Kamal Sayd Qadir 의 즉각 석방을 간청합니다. 이런 수치스런 스캔달을 매듭짓고 하루빨리 Dr.Kamal Sayd Qadir의 석방을 바라며 여러분의 용감한 도움을 다시한번 간절히 요청합니다.

저희는 또한 이 편지 내용을 한국의 신문에 올릴 예정입니다. 훌륭하고 용감한 한국인으로서 다시한번 부탁드립니다.

Korean Students in Australian Universities:
Mi Jung LEE
Young Jin KIM
Jae Sun LEE
Jung Hoon OH
Min Ho LIM
Sang Keun YANG

24-01-2006

## جێنەراڵ ( جەنەراڵ ) جونگ سونگ جۆ ( General Jung, Seung Jo )
## کۆماندی گشتیی کەرتی زەیتوون لە شاری هەولێر لە عێراق:

### سەربازە خۆشەویستەکانمان:

ئێمە واژۆکەرانی ئەم نامەیە، داخوازییەکانمان لەرێی ئەم نامە کراوەیەوە، ئاراستەتان دەکەین. سەرەڕای ناڕازییبوونمان بە چوونتان بەرەو ( عێراق ـــ هەولێر ) ، بۆ یارمەتییدانی هێزە ئەمێریکییەکان لە گێژاوی عێراقدا ، بۆ ئەوەی هەژموونی سیاسەتە مۆنۆپۆلییەکانی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنی . بەڵام خۆشحاڵین بەوەی کە یارمەتیی کوردەکان دەدەن لە بنیاتنانەوەی کوردستان و کۆمەڵگایەکی دیموکراسییدا.

زۆر بەداخەوە لەڕێی هەندێ دۆست و برادەری کوردەوە لە ئوستراليا ، هەروەها لەڕێی زۆر سەرچاوەی جیهانیی ترەوە بیستمان ، دکتۆر کەمال سەیید قادر کە هاوڵاتییەکی نەمساوییە ، پێشتر لەلایەن هێزە هەواڵگرییەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە بەدزییەوە رفێنراوەو لەژێر گوشارێکی زۆری کوردەکانی تاراوگەدا , ددان نراوە بەوەی کە پارتیی دیموکراتی کوردستان زیندانیی کردووە. ئێستاش 30 ساڵ زیندانیی دراوە بەسەریدا تەنها لەبەر ئەوەی رەخنەی توندی لە سەرۆک عەشیرەتێک گرتووە کە سەرۆکێ پارتیی دیموکراتی کوردستانە.

ئێمە لەم دوورەوە هەست بەشەرمەزاریی زۆر دەکەین کە ئێوە لەو شارەدان کە ئەو هەموو دڕندایەتییە و گەندەڵییەی لەماوەی سێ مانگی رابردوودا تێدا ئەنجامدراوە بەتایبەت پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕادەربڕین بە لووتکە گەیشتووە . خۆمان بەشەرمەزار دەزانین سەربازەکانمان ، یارمەتیی هاوڵاتییانی کوردستان نادەن ، بەڵکوو پارێزگاریی یەکێک لە دڕندانەترین میلیشیا دەکەن کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لەشاری هەولێر و پارەی گیرفانی هاوڵاتیان بەتاڵان دەبەن و رۆشنبیرێکیش بە سیی ساڵ دەخەنە زیندانەوە.

زیندانییکردنی ئاکادیمستێک بە سیی ساڵ ، تاوانێکە دژی مرۆڤایەتیی و ئازادیی بیروڕادەربڕین کراوە. ئەم تاوانە لەهەر وڵاتێکی دیموکراتیی رووی بدایە، سەراپای سیستەمی قەزائیی و حکومەت هەرەسی دەهێنا و هەموو ئەوانەش دواتر دەدرانەوە دادگا کە لەپشت ئەو بڕیارەوە وەستاون و بەتووندترین شێوە بەپێی یاسای وڵاتەکە سزا دەدران.

ئێمە داوامان لە حکومەتی وڵاتەکەمان و هێزەکانمان لەکەرتی زەیتوون ئەوەیە، تەواوی هێزی سیاسیی و دیپلۆماسیی خۆیان، بۆ گوشارخستنە سەر پارتیی دیموکراتی کوردستان بۆ پەلەکردن لەئازادکردنی د.کەمال و کۆتایی هێنان بەم سکاندالە پڕ لە ریسواییەی یاسا و دەسەڵات بخەنە گەڕ.

هەروەها ئەم نووسینە بۆ گەورەترین و سەرەکییترین رۆژنامەکانی کۆریا دەنێرین بۆ بڵاوکردنەوە .

خوێندکارانی کۆریای باشوور لەزانکۆکانی ئوسترالیا:

Mi Jung LEE
Young Jin KIM
Jae Sun LEE
Jung Hoon OH
Min Ho LIM
Sang Keun YANG